**The Center of Halabja**
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.info

**Nawendi Helebce**
*Dj be Enfalkirdin u Ginosaydi geli Kurd*
*CHAK*
chak_org@yahoo.com

# عەلی حەسەن مەجید لە ڕوی دەرونییەوە نەخۆشە , وەلێ ئامادەیە وەڵامی دادگای شاری لاهای بداتەوە

ڕۆژی 16–4–2007 کاتژمێر 10 سەرلەبەیانی دانیشتنی چوارەمی پێداچونەوەی حوکمی ئانرات بەڕێوە چوو , پارێزەرانی ئانرات وێڕای ئەوەی داوای ئازادکردنیان کرد , کۆمەڵێك بەڵگە و بەهانەیان بۆ ئازادکردنی هێنایەوە , هەروەها وتیان ئانرات لە ئەنجامدانی ئەو تاوانانە تەنیا نەبووە , پێویستە هەموو تاوانکاران لە کۆمپانیا و وڵاتان کە شەریکن لە ئەنجامدانی ئەم تاوانە دادگایی بکرێن , هەروەها پێشتر داوایانکردبوو لێکۆڵینەوە لەگەڵ عەلی حەسەن مەجید بکەن .

داواکاری گشتی ڕایگەیاند ویستمان بە سەتەلایت لە گەڵ عەلی حەسەن مەجید پەیوەندی بکەین , وەلێ نەمان توانی .

هەروەها وتی : عەلی حەسەن مەجید لە ڕوی دەرونییەوە نەخۆشە , بەڵام ئامادەیە وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە , وەلێ دادوەران ڕەزامەندییان لەسەر چوونی تیمێکی بچوکیش نەدا بۆ بەغدا بەهۆی خراپی بارودۆخی ئاسایشەوە .

ئەوەی شایانی ئاماژە پێدانە دادگای شاری لاهای لە ڕێگەی ناوەندی چاك ەوە پەیوەندییان بە دادگای باڵای تاوانەکانەوە کرد لە بەغدا .

لە کۆتایدا هەموو کورد پەروەران و کوردستانیانی هۆڵەندە ئاگادار دەکەینەوە , چاك بۆ ڕۆژی 25–4–2007 کاتژمێر 10 ی سەرلەبەیانی لە بەردەم تەلاری پەرلەمان ئیجازەی کۆبونەوەو هەڵواسینی دروشم و ئاڵای کوردستان و وێنەی قوربانیانی وەرگرتووە , هیوادارین هەموو لایەك ئامادە بن .

فرانس ڤان ئانرات لە 6–12–2004 ەوە لە زیندانە , پاش ئەوەی ویستی هەڵبێت گرترا , ناوەندی چاك لە گەڵ فید کۆم " کوردستانی باکوور " و پارتی سۆسیالست و بەڕێز مارتین کۆمیتەیەکیان بۆ بە دادگایی گەیاندنی پێك هێنا و پارێزەرێکیان لە سەر ئەرکی هەموو لایەك بۆی دابینکرد , ناوەندی چاك سکاڵاکەرانی بۆ دادگا دۆزییەوە , سەرباری بەشێك لە شایەدەکان و پێشکەشکردنی هەزاران بەڵگەنامەی گرنگ بە دادگا , لەو کاتەوە دەیان خۆپیشاندانی لەبەردەم هۆڵی دادگا ڕێکخستووە .

**ناوەندی چاك**

**2007–4–17**

**www.chak.org.uk**